


# ناوونیشان لە دەق و نووسین و کتێبەکاندا

ئازاد عەبدولواحید

(١- ٢)

* ناوونیشانی تێکستی ئەدەبی: (شیعر، چیرۆک، نۆڤلێت، ڕۆمان، شانۆنامە، ئەدەبیاتی منداڵان و تاد..)، لە هەموو کات و سەردەمێک، لەلای هەموو گەلانی دنیادا، زۆر گرنگ و جێی بایەخ بووە، بۆیە باوەڕ ناکەم دەقنووسێک، تەنانەت ئەوانەی بە دانانی کتێبی توێژینەوە و ڕەخنەشەوە خەریکن، ڕووبەڕووی گرفتی ناونانی دەق و نووسین و کتێبەکانیان نەبووبنەوە و بەرۆکی نەگرتبن، ئاخر ناکرێ ناوونیشانی دەقەکانیان، نووسین و کتێبەکانیان، سەرنجی بەردەنگەکانیان ڕانەکێشێ و خوێنەرەکانیان ڕانەگرن. زۆرجار دەقنووس و نووسەرەکان بەدەست دانانی ناوونیشانێک بۆ کارەکانیان، گیرۆدە بوون و دۆش داماون، هیی وا هەیە، ماوەیەکی دوورودرێژ لەبەر دانانی ناوونیشان، دەقەکەی، نووسینەکەی، کتێبەکەی بڵاو نەکردووەتەوە و دواکەوتووە.

* تۆ واز لە کتێبی بازرگانی بێنە، کە هەندێ وەشانخانە بە مەبەستی ڕەواجدان بەکتێبێک، بۆ ئەوەی فرۆختنی زۆر بێ، پەنا بۆ ناوونیشانی سەیروسەمەرە و عەنتیکە دەبەن. ناوونیشان، زۆربەی جارەکان کاکڵە و ناوەڕۆکی دەق و نووسینەکانن، بۆیە لەلای ئەوانەی شارەزان و زانیاری و ڕۆشنبیرییان لەبارەی نووسینی نوێوە هەیە، ناویان ناوە (نصیص)، کە بچووککراوەی (نص- دەق) دەگرێتەوە، واتە ناوونیشان بە (دەقۆکە) ناو دەبەن، ئەوەم لە بست، بستۆکەوە خواستووەتەوە. لەلای ڕەخنەگرێکی عێراقی ناسراوی وەک سەعید ئەلغانمی کە لەو بارەیەوە نووسیویەتی و کتێبێکی داناوە، ناوونیشانی بە (ثريا النص) ناوبردووە، کە کوردییەکەی (ئەستێرەی ڕووناکی دەق)، یان (ئەستێرە بەرزەی دەق) دەگەیەنێ. بە کورتییەکەی ناوونیشان لەلای دەقنووس و نووسەر و ڕەخنەگرەکانەوە هەمیشە لەبەرچاو گیراوە و زۆری لەسەر وەستاون.

* وەنەبێ لەلای دەقنووس و نووسەران و ڕەخنەگرانی ئێمەیش، ناوونیشان لای لێ نەکرابێتەوە و هەروا ڕەوتەنی تێپەڕیبێ، چونکە بەشێکی زۆر لەوانەی لای خۆمان دەبینم ناوونیشانی سەرنجڕاکێش و جوان بۆ دەق و نووسین و کتێبەکانیان دادەنێن، دانانی ئەو ناوونیشانانە، پتر خوێنەر بۆ لای دەق و نووسین و کتێبەکان پەلکێش دەکەن، خوێنەران، ئەوانەی هۆگر و شەیدای خوێندنەوەی کتێبن، لە کتێبخانەکاندا چاو بە ناوونیشانی کتێبەکاندا دەگێڕن، هەر زوو چاویان لەسەر هەندێ ناوونیشان دەگیرسێتەوە، کە ئەو کتێبانە دەکڕن، بە تاسووق و پەرۆشییەوە حەز دەکەن چی زووترە، ئەو دەق و کتێبانە بخوێننەوە، کاتێ دەکەونە خوێندنەوەشیان سەد ئافەرین و دەستخۆشی لە دەقنووس و نووسەرەکان دەکەن بۆ ئەو ناوونیشانانەی هەڵیان بژاردوون، ئەوەش لەبەر ئەوەیە دەقنووسەکە، نووسەرەکە ناوونیشانەکەی لە ناواخن و ناوەڕۆک و مانا و دەلالەتەکانی دەق و نووسینەکانەوە هەڵێنجاوە، ئەو خوێنەرانە دەبینن هەر بەڕاستی ناوونیشانەکە گوشراو و پاڵاوتەی ئەو مانا و دەلالەتانەیە کە دەق و نووسینەکە لە دووتوێی خۆیدا هەڵیگرتووە، بۆیە ئەوە پڕ بە مانای وشە (دەقۆکەیە) و پڕ بەپێستی ناوەڕۆکی کتێبەکان و دەلالەتەکانی دەقەکە بوون کە بۆیان داناون، هەر ئەو جۆرە ناوونیشانە جوانانەن زۆر بە زەحمەت، یان زۆر درەنگ، لەبیر خوێنەرەکانیان دەچنەوە.

ماویەتی